# گەنجۆ لە شوانیەوە بۆ هونەرمەندێکی ناودار



لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی دا هونەرمەند **گەنجۆ** بە **رۆژی گەل**ی راگەیاند کە ئەو شوان بووە، بەهۆی رادیۆی پەریشانەوە مەیلی ستران گوتنی لەلادا دروست بووە، هەروەها لەبەر دەنگی خۆشی خەلکی گوندەکەیان داوایان لێکردووە لە شایی و هەڵپەرکێدا گۆرانیان بۆ بڵێ.

گەنجۆ ساڵی 1974 لە گوندی چیچەکی باکووری کوردستان لە دایک بووە، وەک خۆی دەڵێ شەش براو پێنج خوشکی هەیە، ئێستا ژنی هێناوە، دوو کوڕی بە ناوەکانی **رۆناس** و **زانا** هەیە. زۆر حەز لە گۆرانیەکانی محەمەد عارف جزیری و عایشە شان و شوان پەروەر دەکات.

لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا بۆ ماوەی سێ ساڵ لەژێر دەستی جەمال کارەدایی هونەری مۆزیکی خوێندووە، یەکەمین ئەلبوومی خۆیشی لە ساڵی 2003 لە ئەڵمانیادا بەرهەم هێناوە، نیازی هەیە دووەمین ئەلبوومی لە ساڵی 2008 دا بڵاو بکاتەوە.

ئێستا لە ئەڵمانیا لەگەڵ ئەکادیمیا کار دەکات، چونکە ئەوان کارەکانی بۆ ئۆرگانیزە دەکەن، بەرهەمەکانی لە وڵاتانی جیهان دا بۆ پەخش و بڵاو دەکەنەوە. هەروەها لە زۆربەی ئاهەنگەکانی کوردی لە ئەڵمانیا بەشداری دەکات، جگە لە ستران ئامێری تەمبوریش دەژەنێ.

جەنگۆ ئاشکرای کرد کە ئەگەر دەرفەتی پێ بدرێ نیازی هەیە بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی 2008ی شاری ئامەد بکات، بەڵام دڵنیا نیە کە ئایا دەوڵەتی تورکیا رێگەی پێدەدات یان نا ؟!

# دلشێر کوردستانی یەکەمین ئەلبومی خۆی بڵاو دەکاتەوە




عیسا مێرگەسۆری رێکخەری گشتی کاروباری کۆرەک میوزیک بە ماڵپەری **چرای** راگەیاندووە کە لە نوێترین کاروچالاکی کۆمپانیای کۆرەک میوزیک چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەلبۆمی نوێی هونەرمەند (**دلشێر کوردستانی** ) بە ناوی ( **ئەڤینا وڵات** )لە سەرانسەری کوردستان کە لە 10 گۆرانی پێک هاتووە و هۆزانەکانیش هەندێک گەلەری و ئەوانی تر هی هۆزانڤانان د.فیزوڵلا غەزنەوی ، پەریشان ، م.س. دلبرین ،و دلشێر کوردستانین، ئاوازەکانی ئەم ئەلبومەش لەلایەن خودی هونەرمەند و هەروەها ئاوازی پەریشان ، م.علی شاکر ، شڤان پەروەر ، ئارام دیکران ، دانییل ئافرام ، علی خودادە و گۆرانیەکانی ئەم ئەلبۆمەش پێک دێن لە ( کوردستان ، ئەز و یارێ، نەورۆز، نارین، پەپوک، پەنابەری، وڵاتێ من، ئەڤینا مە، دایکا مە، یەکێتی ) کە گۆرانی پەنابەری لە سەر ئەرکی کۆمپانیای کۆرەک میوزیک لە وڵاتی ئەلمانیا کلیپێکی قەشەنگی بۆ کراوە و لەم نزیکانە لە زۆربەی کەناڵەکانی ناوخۆ و ئاسمانیدا بڵاو دەکرێتەوە، هەروەها لە کۆتایی لێدوانی خۆیدا بەرێز مێرگەسۆری داوای لە هونەردۆستانی ناوەوە و دەرەوە کرد کە خۆ لە کۆپی کردنی بە دوور بگرن، چونکە کۆپی نەکردنی ئەم بەرهەمە و بەرهەمەکانی تر دەبێتە هۆی مانەوەمان و پێشکەش کردنی بەرهەمی بەپێز جوان و دەوڵەمەندی کوردی بۆیە هیوای خواست کە هەموولایەک هاوکاری لەگەڵدا بکەن و رێگەنەدەن کۆپی بکرێ.

# بە یادی تۆ

**تەنیا کوردستانی**



هەموو شەوێ تارماییەکەت
بە نازەوە ئەمدوێنێ
هەموو شەوێ دەستی خەیاڵ
لەناو خەوا رامئەژەنێ
هەموو شەوێ ئەم ئەوینەت
لە ئامێزی تەنیاییدا
ئەمگرێنێ
هەموو شەوێ خورپەی یادت
لەگەڵ گزنگ هەڵمەسێنێ
سەررێ ئەگرم زۆر بەپەلە
بۆ جێژوانی کۆنی جاران
وەکو گوڵێ سیس و ژاکاو
دەم بە نزا روو لە باران
کە دێمە ژوان بەبێ رامان
کە ئەروانم جێژوان چۆڵە
ئەوین، ژیان، خۆشەویستی
بەستەڵەکێک سارد و سۆڵە
وەک پەپوولە بە ئەسپایی بۆ
ئاسمانی تەنیاییا هەڵئەفرم
بۆ دۆزەخی دابڕانێک
بە ناچاری رێگە ئەگرم

tenya79@yahoo.com

# شەلال ئەحمەد ئەلبومێکی نوێ بڵاودەکاتەوە



سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەند **شەلال ئەحمەد** وێرای ئەوەی هەواڵی بڵاوبوونەوەی دوایین ئەلبوومی هونەرمەندی پێراگەیاندین، (سی دی)ەکەشی پێشکەش بە هەفتەنامەی رۆژی گەل کرد.

شەلال گۆرانیبێژێکی میللییە، زۆربەی گۆرانیەکانی فۆلکلۆرن، ئەگەرچی دەنگێکی خۆیشی هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا لەلایەن کۆمپانیا ناسراوەکانەوە هاوکاری نەکراوە، سەرچاوەکە هۆکارەکەی بۆ ئەو رەشە گێرایەوە کە خودی گۆرانیبێژ تێیدا دەژی، هەم لەو شوێنەی ئەو تێیدا دەژی بایەخ بە گۆرانی کوردی نادرێ، هەمیش رەوشی ئابووری بۆ ئەو لەبار نیە، بۆیە زۆربەی بەرهەمەکانی خۆی لە ستۆدیۆ کۆنەکان تۆمار دەکات، بەوهۆیەشەوە چۆنیەتی بەرهەمەکان کێماسیان لێ دەردەکەوێ، هەرچەندە هونەرمەند بۆخۆی پەرۆشی ئەوەیە بەرهەمی باش پێشکەش بکات.

# دەستگوشین پێوەرێک بۆ هێزی پیاوان

**دەیلی نیوز** لەم مانگەدا ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بڵاوکردۆتەوە، بەوهۆیەوە گوشاری تەوقەکردنی مرۆڤی وەک پێوەرێکی بەهێز بە چالاکی سێکسی گرێداوە.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لەسەر 143 کەس، هەشتاو دوو پیاو، شەست و یەک ژن دا ئەنجام دراوە، تۆژەران بۆیان دەرکەوتووە کە پێوەندی راستەوخۆ لەنێوان گوشاری دەست و چالاکی سێکس لە پیاواندا هەیە، بەڵام لێکۆڵینەوەکە پێوەندی گوشاری تەوقەکردن و چالاکی سێکسی لە ژنان دا نەسەلماندووە، بۆیە گوشاری تەوقەکردنی وەک پێوەرێک بۆ ئاستی چالاکی سێکسی لە پیاواندا دیاری کردووە.

ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەواوکەری ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانی پێشووترن کە سەبارەت بە دەستگوشین و تەوقەکردن دا ئەنجام درابوون، بەو پێیە هێزی دەستگوشین بە رێژەی 65% بۆ فاکتەری جینی و رێژەی 35% بۆ فاکتەری ژینگە دەگەرێنەوە، بەڵام ناشکرێ لەشساغی و تەمەنیش لەبیر بکرێن، ئەو پیاوانەی کە تەندروستیان باشە و نەخۆش نین هێزی بازوو، گوشاری تەوقەکردنیان زۆرە، هەروەها مرۆڤ لە هەرەتی لاویدا تواناو هێزێکی زۆرتری هەیە بەبەراورد لەگەڵ ئەوکاتەی دەچێتە نێو ساڵان و تەمەنی گەورەتر دەبێ.

لەلایەکی دیکەشەوە پێشتر لێکۆڵینەوەکان سەر راستیان کردبۆوە کە پیاوانی کەتەو چوارشانە هەم لە دەست گوشین دا پڕ هێزن، هەمیش حەزیان لە سالاری و خۆسەپاندنە، لەوانەیە ئەمە لەگەڵ کرداری سێکسی بگونجێ، چونکە ئەو پیاوانەی کە مەیلی خۆسەپاندنیان هەیە زۆر هێزو توانای خۆیان لەبەرانبەر ژنان پێشان دەدەن و توانای خۆیان لە چالاکی سێکسی دا بەرجەستە دەکەن.

هەر بەگوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانرێ ئاستی تەندروستی پیاوان بەهۆی شێوازی تەوقەکردنیانەوە وێنا بکرێ. ئەو پیاوانەی لە رووی دەروونیەوە ساغن، شێوازی تەوقەکردنیان لەگەڵ ئەو پیاوانە جیاوازە کە نەخۆشی دەروونیان هەیە، یاخود هەراسان و نیگەرانن، ئەمەش پێوەندی بە گوشارەوە نیە، بەڵکو راستەوخۆ لە شێوازی تەوقەکردن و وێکهاتنەوەی پەنجەکانیان دا بەدیار دەکەون و دەخوێندرێنەوە، یاخود دەخەملێندرێن.

تەنانەت زانایان پێیانوایە کە بە گوشاری دەست لە کاتی تەوقەکردن دا دەتواندرێ جۆری جینەکانیش خۆیا بکرێ، چونکە راستەوخۆ لە گوشارو شێوازەکاندا سیمای خۆیان پێشان دەدەن.

# تاران: فیلمەکانی کوردستان لە ڤێستڤاڵی کورتە فیلم پێشکەش دەکرێن

چوارشەممە 14-11-2007 لە دووەمین رۆژی بیست و چوارەمین خولی ڤێستیڤاڵی نەتەوەیی و دوازدەمین خولی ڤێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران چەند فیلمێکی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشان دران.

بەگوێرەی زانیاریەکان 16 فیلم کە لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بەرهەم هێنرابوون لە هۆڵی ژمارە 1 و 2 و3ی سینەمای فەلەستین، سینەمای قیام پێشکەش کران، ئەوانیش بریتی بوون لە فیلمەکانی "**پەیدا و شاراوە**" لە دەرهێنانی "بورهان ئەحمەدی"، 13 خولەک، "**من رێگەی ماڵێ پێنازانم**" لە دەرهێنانی "پێژمان عەلیپوور"، 12 خولەک، "**تاران** 318" لە دەرهێنانی "سۆران مەردووخی"، 6 خولەک، "**تایبەت**" لە دەرهێنانی "لوقمان خالیدی"، 7 خولەک، "**پەڕینەوە لە وڵاتی ئالامتۆ**" لە دەرهێنانی "مێهدی نوور محەممەدی"، 30 خولەک، "**لە ژێر مۆمی تەپوومزکراودا**" لە دەرهێنانی "بێهنام سەفەری"، 7 خولەک، "**بۆچی منداڵی من**" لە دەرهێنانی "ئەکبەر شەهبازی"، 30 خولەک، "**نیان**" لە دەرهێنانی "کەیوان مەجیدی، 22 خولەک، "**پەڕینەوە لە هێڵی زەرد**" لە دەرهێنانی "محەممەد رەزا باغبانی"، 25 خولەک، "**مانگی ئەردەڵان**" لە دەرهێنانی "ئومید راستبین"، 40 خولەک، "**شەوی رۆژی بەفری**" لە دەرهێنانی "دانش سڵەواتی" و "بابەک سڵەواتی"، 14 خولەک، "**رێبوارانی دۆڵی هەنار**" لە دەرهێنانی "ئەشکان ئەحمەدی"، 12 خولەک، "**بێ دەنگ و هەرا**" لە دەرهێنانی "لوقمان خالیدی"، 18 خولەک، "**زێڕی سپی**" لە دەرهێنانی "بیژەن زەمان پیرا"، 17 خولەک، "**تای کۆتایی**" لە دەرهێنانی "ناهید قوبادی"، 12 خولەک، "**مانداب**" لە دەرهێنانی "ئەشکان ئەحمەدی"، 12 خولەک.

جێگەی ئاماژەیە کە ئێستا بزاڤی هونەری سینەما لە ئێران بە گشتی و لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، تەنانەت بەشداری پێکردنی 16 فیلم لەو ڤێستیڤاڵەدا گەواهی ئەو راستیە دەدات، تەنانەت فیلمەکانی بەهمەنی قوبادی و شەوکەت ئەمین کۆرکی و هونەر سەلیم توانیویانە شوێن پێی کوردستان لەنێو هونەری سینەمای جیهاندا بکەنەوە، ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە، دۆست و دوژمن ئاماژەی پێدەکەن.

# پیاوێکی هندی زەماوەند لەگەڵ دێڵە سەگێک دا دەکات



هندستان بەوڵاتی سەیرو سەمەرە ناودارە، ئەو هەواڵانەی کەهەندێجار لە هندستانەوە بە گوێچکەی جیهانیان دەگەن تەواو ئاوارەتەن، مرۆڤ ناتوانێ باوەڕ بەهەموویان بکات، بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەکی زیاتر لە یەک ملیار کەسی شتێکی ئاساییە دیاردەی ناوادەو قەرەماتی تێدا رووبدات.

لەم دواییانەدا پیاوێکی هندی لە ئاهەنگێکی ئاشکرادا زەماوەندی لەگەڵ دێڵە سەگێکدا کرد.

رۆژنامەی **هندستان تایمز** بڵاوی کردۆتەوە کە پیاوێک بە ناوی بی سیلڤاکۆمار، تەمەن 33 ساڵ گرێبەندی هاوسەری لەگەڵ سەگێکدا بەست، رێورەسمی مارەبڕینیش لە پەرستگەی سیڤاجانجای رۆژهەڵاتی هیندستان بەرێوەچووە.

بەگوێرەی هەواڵەکە، کاتی خۆی ئەو پیاوە دوو سەگی بەرەڵای کوشتووە، دواتر دووچاری ئیفلیجی هاتووە، بەپێی باوەڕی ناوچەیی هۆکاری ئیفلیجبوونی بۆ تاوانی کوشتنی سەگەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە بۆ ئەوەی لێی ببوورن وچاک بێتەوە بڕیاری داوە زەماوەند لەگەڵ دێڵە سەگێکدا بکات.

لەکاتی ئاهەنگی گواستنەوەدا میوانان خواردنێکی نایابیان پێشکەش کرا، بووکەخانیش خواردنێکی تایبەتی بۆ دروست کرابوو، هەموویان هیواخوازبوون کە زاوا بەختەوەر بێت و لە نەخۆشیەکەی رزگاری ببێ!!

بەگوێرەی زانیاریەکان دانیشتووانی گوندە دوورە دەستەکانی هەرێمی رۆژهەڵاتی هندستان لە رەفتارو کردەوەکانیاندا تەواو ئازادن، ئێستا زەماوەندکردن لەگەڵ ئاژەڵ و گیانلەبەراندا دیاردەیەکی بەرچاوە، دەیان کوڕ زەماوەندیان لەگەڵ ئاژەڵان دا کردووە، دەیان کچ لەگەڵ مار ژیانی هاوسەریان دروست کردووە، ئەمەش بەمەبەستی دەرکردنی گیانی شەرانگێزیە، بۆیە کاتێک رەفتاری لەم بابەتەش دەکەن کەسێک گلەییان لێناکات، کەسیش گاڵتەیان پێناکات.


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

ئۆفیسی سلێمانی: گەڕەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، ژمارەی تەلەفۆن 0532109256

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com

ئۆفیسی هەولێر: شەقامی ئاراس ، باڵاخانەی هیوا، نهۆمی سێ ، ژمارە 20، ژمارەی تەلەفۆن: 0662548589    ئۆفیسی کەرکوک : حەسیرەکە، بەرانبەر قەیسەری چواریاخ، ژمارەی تەلەفۆن 07701325080


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com